خۆزان.. بە خامەی: ئەندریە مەروا.. وەرگێڕانی بۆ کوردی: گرفتار کاکەیی

هیچ شتێك لە یادگاریی ئەو چركە ساتانە گرانبەهاتر نین كە دێ بە یەكەمین خشەویستی لێدەدات، ئەندریە مەروا كە یەكێكە لە بەناوبانگترین دانەر و نووسەرەكانی فەرەنسا بیرەوەرییەكانی شەست ساڵ بەدواوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی یادگاریی ئەو چركە ساتانەی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە، مەروا بە دەیان كتێب و بابەت و یاداشتنامە و دۆقی مۆژوویی نووسیووە، كەچی لە نووسینەوەی چیرۆكی دێداری كەسە ناسراوەكاندا زیاتر بەدەركەوتووە، ئەم چیرۆكەشی سەبارەت بەخۆی نووسیووە.

لەودەمەی تەمەنم هەڤدە ساڵان دەبوو، لەیەكێك لە شارۆچكەكانی شارەزانكۆییەكانی فەرەنسا دەژیام، چونكە كۆلێژەكانی زانكۆی فەرەنسا ژووری تایبەتیان بۆ خەوتنی خوێندكاران نەبوو، بۆیە لەماڵی باوكم مامەوە، هەموو رۆژێك لە پێش كاتژمێر هەشتی بەیانییەوە ئەم ماڵەم بەجێدەهێشت تا بچم بۆ كۆلێژ، هەتا ئێرە ژیانێكی ئاسایی بوو" بۆ قوتابیەك كە هاتووە لە كۆلێژ زانست وەربگرێت، هیچ شتێكی نوێ لە ئارادا نەبوو، بەڵام دواتر سوپرایزەكە ڕوویدا. رۆژێك لەو رۆژانەی كە لە ڕێگای گەڕانەوەم بووم بۆ ماڵەوە، جوانترین ئافرەتی جیهانم بینی، لە گۆشەیەكی جادەی (مالێری) ڕاوەستا بوو، بە دوو چاوی ئەفسووناوییەوە لە هامشۆكەرانی دەڕوانی، ئەو نەك هەر تەنها جوانێك بوو و بەس ،بەڵكو ئەو لەو جێرە ژنانە بوو كە لەكاتی خوێندنەوەی شیعرێك یان چیرۆكێكی ئەڤیندارییدا خەونم پێوەی دەبینی، لە هەمان كاتدا تێكەڵەیەك بوو لە ئافرەتێكی سەنگین و جوان.
هەستم كرد دەم لە خشەویستیی ئەم ئافرەتە لێدەدات، كە وایلێهات هەموو رۆژێك نیوەڕوان لەڕێگای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە بیبینم، هەر كاتێكیش لە شوێن و كاتی دیاریكراوەكەیدا دەرەنگ بكەوتایە زۆر بە ئۆقرەوە چاوەڕێم دەكرد، هەر تەنها بۆ ئەوەی كورتە ئاوڕێك لە ڕووەتە جوانەكەی بدەمەوە. لە خۆم پرسی: "ئاخۆ ئەم ژنە كێیەت، لە كوێوە هاتبێت، ئەی لێرە چیدەكات، بەتایبەت هەموو رۆژێك لەم شوێن وكاتە ؟" بۆ ماوەی سێ مانگی ڕەبەق دەمویست وەڵامێك بۆ ئەم

پرسیارە بدزمەوە، بەڵام بێهودە بوو !
رۆژی یەکشەمە، باوکی پزیشکم هات و پێی وتم : "یەکێك لەوهاوڕێ نەخۆشانەم کە هەمیشە سەردانی کیلینیکی پزیشکییەکەم دەکەن (ڤەرگی) بەڕێزە، من و دایکتی بۆ شامی ئێوارە لە ماڵەکەی خۆیدا داوەت کردووە، بەڕێز ڤەرگی وتی: کە ئێمە دەتوانین تەشی لەگەل خۆماندا بەرین، پیاوێکی میهرەبانە و خیزانەکەشی هەروا من دڵنیام بە دیداریان دڵخۆش دەبیت".
هەر لەبەر ئەوەی لەو رۆژەدا هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ کەسی تردا نەبوو، بۆیە لەسەر داوەتەکە ڕازی بووم. سوپرایزەکە لێرەدا بوو، ئەو ژنە ئەفسونگەرەی کە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابووم کەسایەتییەکەی بناسمەوە دەرکەوت خزانی بەڕێز ڤەرگییە هاوڕێکەی باوکمە. هەستێك لە شادی و پەژارە، لە دڵتەنگی و خۆشیی دایگرتم، کاتێك دەستم درێژ کرد بۆ ئەوەی لەگەل کیژۆڵەی خۆنەکانم خاتوو ڤەرگیدا تەوقە بکەم!
یەکسەر هەستم کرد ئەویش منی ناسییەوە، هەر خێرا وەك هاوڕێیەکی کۆن مامەڵەی لەگەل کردم. شتێکی ترم تێبینی کرد: گۆرچی ئێو بۆتەمەن لێ من گەورەتر بوو، بەڵام زۆر لە پیاوە نەخۆشەکەی بچووکتر دیار بوو. ئاشکرا دیار بوو تەمەنی لە نێوان بیست و پێنج و سی ساڵان دەبوو، ئەویش خۆم ئاسا شەیدای کتیب خوێندنەوە بوو. سەرەڕای ئەوەی سەرەتا لە کاتی ئاخافتن لەگەڵیدا هەستم بە شەرمێکی زۆر دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا دوای ماوەیەکی کورت هەستم کرد ڕاهێت لە نێوانمدا بەلاچوو.
میوانداریەکە تەواو بوو و گەڕاینەوە ماڵەوە.
کە رۆژی دواتر لە گۆشەی هەمان ئەو جادەیەی کە راهاتوومە بیبینم لێی ڕاوەستاوە بەیەك گەیشتینەوە ،"مامۆستای ڤەرگی"سەری تەکاندا و بزەیەکی بۆ کردم، خۆشییەك ناخی داگرتم ، بۆ باکانە لێی نزیك بوومەوە و ئینجا پێکەوە هەمان کرد تا هەرکەسەو بەڕێی خۆیدا ڕێگامان گرتەبەر و لێك جیابووینەوە.
"مامۆستا " لەو رۆژەی کە هەرگیز لە یادم ناچێت، پێی وتم، کە ئەو بایەخ بە کاری خێرخوازی دەدات و واهاتووە هەفتەی سێ چوار جار سەر لە دەزگا خێرخوازییەکە بدات. بۆی ڕوونکردمەوە کە ئەمە هۆی ڕاوەستانەکەیەتی لەو گۆشەیەی جادەی مالێری.
زۆر سوپاسی ئەو ئەندازیارەم کرد کە بۆیاریداوە بنکەی دەزگا خێرخوازییەکە لە رێگای کۆلێژەکەم دروست بکات.
ئایا خۆشمویست؟ گەر بڵێم کەوتمە داوی ئەوینەوە، ئەوە هێشتا بەس نییە بۆ ئەوەی دەریببڕم کە چی لە نێو دڵی مندا هەبوو. لە ڕاستیدا شتێك هەبوو لە خودی خۆشەویستیش بەهێز تر، بەڵام چییە ؟ نازانم !

هەرکاتێك بمبینایە هەستم دەکرد گەرماییەك بەلەشمدا سەر دەکات، خۆشییەکی زاڵ دایگرتووم، وا هەستم دەکرد لەئاسمانێکی دوور بەتەنها لەگەل "مانیک "دا دەفڕم !
هەرچەندە من گەر لاوێکی ئەم سەردەمەی ئێستا بوومایە، یەکسەر بیرم لەوە دەکردەوە ماچێکی بکەم، بەڵام خوێندکارێکی شاعیرانە لە ساڵی 1914دا دەژیام تەنها هەستێکی وام لا دروست بوو کە دڵم لێ ونبووە. دەمویست کارێکی مەزن بکەم بۆ ئەوەی سەرنجی رابکێشم، بەڵام هیچ شتێکم نەدەزییەوە تەنانەت بیریشی لێ بکەمەوە! لە دواییدا بیرکەیەکم بۆ هات، بە بیرمدا هات کە ئەو زورجار لە یەخەی کراسەکەی دەسکێکی چکۆلەی لە گوێی وەنەوشەی دروست دەکرد، بۆیە ویستم سەرکێشێ بکەم و تەنانەت گەر تاکە گوڵێك لەم گوڵانەی بۆ بکڕم کە ئەو حەزی لێدەکات، ئەم کارە کارێکی مەزن نەبوو، بەڵام بیرکەکەم پێ جوان بوو، جێبەجێم کرد!
"مانی " پێشوازییەکی باشی لە گوڵە وەنەوشەکە کرد. هەستم کرد وا خەریکە پێشکەوتنێکی دیار بەدەست دێنم، شارەزای حەز و ئارەزووەکانی بووم و زانیم ئەو حەز لەچی دەکات. بەو دەرماڵە سنووردارەم هەموو جارە دیاریەکی چکۆلەم پێشکەش دەکرد.
زۆر بە دڵنیاییەوە زانیم "مانی "م خۆشدەوێت، هەستم بە خۆشی و شادییەك دەکرد ئاوێتەی دەبن کاتێك تەماشای چاوم دەکات، دیرێکی خۆشەویستییەکی بۆدەنگی تێدا دەخوێنێتەوە. بەڵام مانی سەرەڕای ئەوەش رۆژێك لە رۆژان باسی وشەیەکی ئەم پەیوەندییە بۆدەنگەی نەکردووە. رۆژکیان لێی پرسیم :" تۆ بۆچی ئەوەندە لە گەلمدا میهرەبانی "؟ .
پرسیارێکی ناحەز بوو، هیچ وەڵامکم بۆی نەبوو، تەنها ئەوەندەم پێ کرا بە دەنگکی چپە ئاساوە بڵێم : لەبەر ئەوەی گەورەترین شادیی من لەوەدایە تۆ شاد بکەم.

ئەوکەڤاڵەی کە بە دڵی بوو.
ئەو وا دیار بوو چاوەڕێی وەڵامکی تر بوو، کەچی هیچ توانجکی لەسەر ئەم قسەیە نەدا.
رۆژکیان کە لە کۆتاییەکانی وەرزی خوێندن نزیك دەبووەوە، "مانی" پێی وتم کە لەگەڵ مردەکەیدا خەریکی سەفەر کردنە بۆ ئەمریکا، ناگەڕێتەوە تا پێش مانگی سێپتەمبەر(ئەیلول). ئینجا لێی پرسیم " ئایا لەسەر خوێندنی کۆلێژ بەردەوام دەبیت ؟" وتم : بەڵێ، ئەمە لە سێپتەمبەردا جارکی تر دەست بە خویندن دەکەینەوە. وتی: کەواتە لە گەڵانەوەمدا دەتبینمەوە. وتم : بیری رۆژانە پیاسەکانمان دەکەم! لەم کاتەدا گەیشتینە بەردەم دوکانێك یان نمایشگایەکی کەڤاڵی

هونەریی .. لە پێ مانی تەماشایەکی ئەو کەڤاڵەی کرد کە لە شوێنەکەدا نمایش کرابوو، وتی :"ئەم وینەیەت بەدڵە ؟ " کە کەڤاڵەکی وێنەکێش "پارین "بوو لە سەر قوماش کێشابووی، دیمەنکی کەناری دەریا بوو لە دووفیل بەو ئاڵا دڵڤڤنانەی کە بەدەم بای دەریاوە دەشنانەوە، وتی : ئای کە جوانە !؟ زۆر پێی سەرسامم داوام لە مێردەکەم کرد بۆمی بکڕێت، بەڵام مێردەکەم وتی وێنەگەلکی زۆرمان هەیە شوێنمان نییە تیای هەڵیواسین. لەوانەشە مێردەکەم لە سەر هەق بێت، بەڵام من هێشتا دەمەوێت.
بەردەم دوکانەکەمان جەهێشت و لێی دوورکەوتینەوە. دەستمان کرد بە باسی ئەمریکا و سەفەرەکەی داهاتووی، دواتر لەیەك جیا بووینەوە. بەڵام من لە جیاتی ئەوەی بگەڕێمەوە ماڵەوە، گەڕامەوە لای نمایشگاکە و جارکی تر بەرامبەری وەستام و لە کەڤاڵەکە ڕامام. بەڕێ بەڵاستی جوانە : رەنگە لە بەر ئەوی ئەو حەزی لێکردبێت بێیە ، نازانم ! گرنگ ئەوەیە وێنەکە بەلامەوە جوان دیار بوو.
چوومە نمایشگاکەوە و لە نرخی کەڤاڵە نمایشکراوە بچووکەکەی پارینم لەو خانمە گێنج کە بەرپرسی کەڤاڵەکان بوو پرسی، ئەویش چاوکی بە لیستی نرخەکاندا کشاند و ژمارەیەکی وت کە بڕۆد دە جاری ئەو خەرجییەم بوو کە لە ماوەی یەك ساڵی رەبەق لە باوکمی وەردەگرم ! وتم : ئەترسم بڵێم ئەم نرخە زۆر لەوە زیاترە کێ میزانییەکەم بەرگەی بگرێت! خانمەکە پێکەنی و وتی : منیش وای بێ چووم زور سانایە کەسێك بزانێت کێ تێ هێشتا قوتابییەکی چکۆڵەی، بەڵام بەوە دەچێت شەیدای کەڤاڵە ڕەنگینەکان بیت، وا نییە ؟
وتم: زۆریش، بەتایبەتی خودی ئەم تابلۆیە! هەر دەیپەرستم ! ئایا دەتوانی تا مانگی ئۆکتۆبەر " تشرینی یەکەم "بۆم هەڵبگریت؟ ەنگە بتوانم بیکڕم، کێ چوزانێ ! وتی : بەڵێ دەتوانم پەیمانی ئەوەت بدەمێ، ئەمە لە مانگەکانی هاویندا هەفتەی سێ ڕۆژ دەرگای دوکانەکە دادەخەین، بۆیە ئێستا ئومێدکی گەورە لەفڕشتنیدا ناکرێت، بەڵام لە مانگی ئۆکتۆبەر بەدواوە ناتوانم وەعدی هیچی ترت بدەمێ !
ڕکەوتین، گەر تا مانگی ئۆکتۆبەر نەتوانم بیکڕم ئەوا لەو مانگە بەدواوە هیچ ئومێدکی ترم بێ کێینی نامێنێت !

پیلانکی شێتانە

بێ ئەم کارە پیلانکی شێتانەم داشت، باوکم پشنیاری کردبوو بمنڕێت بۆئیسپانیا منیش زور حەزم دەکرد کەڤاڵەکانی گویا Goya لە مەدرید ببینم هەروا کەڤاڵەکانی گریکۆ Greco لە تلیدێ Toledo، ئەم حەزە کوت وپڕەم لە ئەنجامی کاریگەری مانی بوو بەسەرمەوە. لەپێ خەم بینییەوە حەزم لە هونەرە، هەرجارك لە پێش تابلۆیەکی هونەریی بوەستایەم خەم لە نزیکی ئەو دەبینیەوە!

خانەوادەکەم ئامادەبوون خەرجی ئەو سەفەرەم بدەن کە لەلای خۆمەوە هەموو شتێکم بۆ ئامادە کردبوو.
لە رێگای چوونم بۆ ئیسپانیا بۆیارمدا لە بیارتیز Biarritz راوەستم و بچم بۆ گازینۆیەك و لێرە بۆ یەکەمین جار لە ژیانمدا دەست بە قومارکردن بکەم. ئەوکاتە وامدەزانی هەموو نهێنییەکانی قومار دەزانم، هەستم دەکرد خوێندنەکەم لە بواری بیرکاریدا لە هەڵەنانی ماتماتیکی بەختدا یارمەتیدەرم دەبێت. هەستم کرد شتێك هەیە بۆ لای مێزی رۆلیتەکەRoulette ئامدەکێشێت، دەستم کرد بە کەم و کێ کردن و ژماردنی ئەو پارانەی کە دەیانبەمەوە، بەخۆم وت : بەم شێوەیە دەتوانم ئەوەندە پارە کێبکەمەوە کە بتوانم ئەو کەڤاڵەی کە مانی حەزی لێدەکات بکرم و لە کاتی گەڕانەوەیدا پێی ببەخشم ! چوومە گازینۆکەوە و لە مێزی ڕۆلێتەکە چوومە پێشەوە ودەستم کرد بە یاری و هەرچی پارەیەکشم لابوو، تا دواین فرەنکی گیرفانم هەمووم دۆڕاند! ئیستا دوای ئەوەی هەموو خەونەکانم داوخان دەبێ چی بکەم؟من ئێستا ئەوەندە پارەشم پێ نەماوە تەنانەت کرێی ئەو هوتێلەش بدەم کەتێی دەنووم! تاکە رێگایەکم لە پێشدا مابوو تاکو لەم کێشەیە رزگارم بکات، ئەویش ئەوەبوو دەبوا بە تلیفۆن پەیوەندی بە باوکمەوە بکەم و داوای لێبکەم دەستبەجێ بمگەڕێنێتەوە وڵاتەکەی خۆم، بەڵام هەر زوو وازم لەم بیرکەیە هێنا، لەبەر ئەوەی باوکم پیاوێکی باش بوو زور دڵنیابووم کە یارمەتیشم دەدات، بەڵام لە هەمان کاتدا هیچ بۆوایەکی پێم نەدەما وئەوەش دەبووە کێسپێکی زۆر ترسناك لەسەر رێگای پاشەڕۆژم. هەیکی دیکەش هەبوو کە وایکرد دەستبەرداری ئەم بیرکەیەم بم، ئەویش ئەوە بوو دەمویست لەسەر ئەم رفتارەم سزای خۆم بدەم. وتم : " هەر دەبێ ووبەووی دڵخەکە ببمەوە " یەکسەر چوومە لای بەڕێوەبەری هوتێلەکە، کە مرۆڤێکی زیرەك بوو ێەچاوی دڵخەکەی دەکرد، وردەکاری ئەوی بەسەرمدا هاتبوو هەمووم وەکو خۆی بۆ گێڕایەوە. دوایی وتم : " دەبێ من چی بکەم ئێستا ؟"

کاتژمێرە ئاڵتوونییەکەم.

تاکە شتی بەنرخم لەلا هەبێت کاتژمێرە ئاڵتوونییەکەمە، بە بەڕێوەبەری هوتێلەکەم وت :" من دەتوانم وەك زەمانەتێك لەلات بیهێڵمەوە بۆ ئەوەی بتوانم قەرزەکانم بدەمەوە، بەڵام نازانم بۆ بزرکردنی کاتژمێرەکەم چی بەباوکم بڵێم؟ من وام پێباشە بۆ ماوەی مانگێك لە هوتێلەکەدا کار بکەم، ئەویش ئەو ماوەیەیە کە دەبووا لە ئیسپانیا بەسەری بەرم، ئایا تۆ لە هوتێلەکەتدا پێویستت بە یارمەتییەکی کاتیی دەبێت؟ من ئامادەمە هەر کارێك بکەم".
بە رێکەوت ئەو رۆژە کارمەندی ئەسانسێرەکە وازی لە کارەکەی

هێنابوو بەووەبەرەکە ئەو کارەی بێ پێشنیار کردم، پێشنیاری لەوە زیاتریشی خستە پێشم، وتی : " تێ دەبوا ئێستا لە ئیسپانیا بوویتایە کچی تێ ئێستا لە بیارتیزیت، بەڵام من کارەکەت چارەسەر دەکەم، داوا لە هەندێ برادەرم دەکەم بەناوی تۆوە لە شارە جیاجیاکانی ئیسپانیاوە نامە بۆ فەرەنسا بنێرن بۆ باوکت، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت کە نەچوویتە بۆ ئەوێ" .
مێزەتەکەم بەکارکردن لەم هوتێلە بەسەر برد و خەشیشمویست. لە کۆتایی مێزەتەکەدا دووبارە گەڕامەوە ماڵەوە لێرەدا سوپرایزێکی تر لە چاوەڕوانیمدا بوو، باوکم بۆیاری دابوو بمنێرێت بۆ سوربۆن لە پاریس، یەك ساڵێکم دوور لە وڵاتەکەم بەسەر برد، ئینجا شەی جیهانی دووەم هەڵگیرسا سەبەری خەشەویستی یەکەمم بزر کرد، گەرچی یادگارییەکانیم لە بیر نەکردبێت، ساڵانێك بەسەر چوون، جارێکی تر چاوم پێی کەوتەوە .. لەگەل مانی بە یەك گەیشتینەوە .. تەمەنم پەنجا ساڵ بوو، بەڵام ئەو لە شەست ساڵی نزیك ببوەوە. داوەتنامەیەکم بۆ هاتبوو، بۆ ئەوەی محازەرەیەك لە وڵاتەکەمدا بدەمەوە، ها خەریك بوو مەحازەرەکە تەواو بکەم، مانی بەرەو ڕووم هات، یەکسەر ناسیمەوە هێشتا پێکەنینە ئەفسوناوییەکەی و دەنگە سازگارەکەی وەکو خۆی مابوون. مانی ببوە داپیرە و بیوەژنیش، لێم پرسی و وتم :"ئایا دەتوانم پێش گەڕانەوەم بۆ پاریس سەردانێکی ماڵەوەت بکەم ؟"
وتی : ئەوە زۆر دڵخۆشم دەکات .
چووم بۆ ماڵی" خەشەویستەکەم" ، کاتێك بەتەنیا بووین پێیم وت : "ئایا دەزانی من ڕۆژێك لە ڕۆژان گرفتاری عەشقی تێ بووم !"هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە، چیرۆکی ئەو کەڤاڵەی کە حەزی لێدەکرد، قومار کردنەکەم لە گازینۆکە و ئەو کارەی کە وەکو کارگەرێکی ئەسانسۆر لە پێناو ئەودا کردم! وتی : " چیرۆکێکی خەشە " خۆزگە پیشتر بێت دەگێڕامەوە !". وتم : هەلم بۆ نەڕەخساوە، بەڵام من سەردەمانێك ئامادە بووم ژیانم بەخت بکەم تەنها لە پێناو ئەوەی گەر بەتەنها یەك خولەکیش بیت ! بتنووسینم بە سینگمەوە و ماچێکت بکەم! وتی : ئەی بۆ ئیستا ئەوە ناکەی؟
، چرکە ساتێکی خۆش بوو، ئەگەرچی سی ساڵ دواکەت !
•

فێن بەرەو ڕووبارى وشە بە باڵى جوانى!.. بڵند باجەلان

(شيعر وەكو دنياى مانيفێستبوونى ئەو فێينە)

سەرەتا:
هەميشە گەيشتن بە فەزاى ئەو وشانەى لە ڕووحەوە دەردەچن، پێويستى بە مەعريفە هەيە، خۆ ئەگەر قسە لەسەر (فەزاى شيعرى) بكەين، ئەوا لەپاڵ ئەو مەعريفەيە، پێويستيمان بە دروستكردنى دنيايەك هەيە، بانگمان دەكا بۆ خۆشەويستى و بەرائەت و ترازان لە كينە و تارمايى.
ئەركى ڕەخنەگر بريتى نييە لە دابەشكردنى دەق بەسەر دوو بەرەى دەقى (باش) و (خراپ)، بەڵكو گەيشتنە بەو فەزايەى، ڕووح تيايدا سەنتەرە و ئاگادارکردنەوى خوێنەريشە لەو تەگەرە دەستكردانەى، زۆر جار (جەهلى ئەدەبى) كە بەرهەمى (كينەى ئايدۆلۆژى و فيكرى و دەروونييە)، لە پشتيەوەيەتى.
بۆ گەيشت بەو ڕووحە شيعرييە، كار دەكەين بۆ كەشفكردنى چەند كۆدى شاراوەى نێو دنياى مەودا فراوانى شيعرەكانى (سەباح ڕەنجدەر)، چونكە هەست دەكەين شاعير توانيويەتى، خوێنەر بخاتە نێو بازنەى ئەو بير كردنەوانەى، هەميشە پێويستييان بە دووبارە بوونەوە هەيە.

پاژى يەكەم: (خنكان لەنێو دنياى جوانى)دا.

خنكان هەر بە تەنيا وەستگەى گەيشتن نييە بە مردن، بەڵكو زۆر جار گوزارشتە لە قووڵترين خاڵى بير كردنەوە كە لەڕووگايەوە دەگەين بە حەقيقەتى زياتر، كەواتە جۆرێك لە خنكان هەيە، لە دەرەنجامى گەيان بەدواى حەقيقەتەوە پێى دەگەين.
(ئاوەدانى ڕەگم
ڕەگ دەمگەيەنێ بە لێهەبووم
لێهەبووم بۆم دەوانێ
لێوى پەيوم بە گڵمى خۆم وەدەنێم
پرچى پەترى مناڵيم هێشووى سێبووری گرتووە
دۆم و كێت و بەندى كات و ناكات دەكەمەوە)
لەم پارچە شيعرەدا، شاعير ئينسان پەيوەست دەكا بە ڕەگەوە، ئەمەش بەخشەرى هێزە بەو مرۆڤەى، ويستى گەيشتنى هەيە بە وزەى درۆژەدان بە ژيان. ديسانەوە گەيانەوە بۆ مناڵى، پشت بەست بە ئاوەدانيى ئەو

ەگەی شاعیر تێبینی دەکا، سڕبووری بێ ئەستای شاعیر دەهێنن و دەرەنجام منایی شاعیر پێ دەبەت لە دەنکە تڕ و قەترە فرمێسك كە تامی بزە دەدەن، سەرەنجامی ئەو سەفەرەش، كرانەوەی ئەو كێتە هەمیشەیانەیە، كەسێك لە زەمەنێكی شیندا دەیانخاتە گەردەنمانەوە.
زەمەن كاتێ شین دەبەت، هەموو شتێكی نێو زەمەن هەر شینە، پرتەقاڵەكان شینن و پەنجەرەكانیش هەر شین، دەرگاكان شینن و فرمێسكەكانیش هەر شین، بەیە بێ ڕزگار بوون لەو (شینستانە)، پێویستە بەردەوام ئەستامان گەڕانەوە بەت بێ منایی، چونكە ئەو دنیا پەمەییەی لەنێو خەیاڵی زۆرێكمان بوونی هەیە، مەگەر هەر لە باخچە سەوزەكانی ئەوێدا پێی بگەین، ئەگینا سەحرای شینی (گەورەبوون)، هەرگیز نابێتە مەملەكەتی خەیاڵە پەمەییەكان.
وەكو گوتمان، شاعیر تێبینی ئەو ڕەگە پتەوە دەكا كە هێزی ئەوە، هێزی خۆشویستنی وشە و نیشتمان و خودا، هێزی بەرگەگرتن بەرامبەر ئازار و سەراب و ناڕەحەتی كە ئەمەش دیدگای (نیتشە)یە، كاتێ پێی وابوو، ئازار مرۆڤ بەهێز دەكا و دژی بڕچوونی (شۆپنهاوەر) بوو كە وجودی ئازاری وەكو پێویستییەك قەبووڵ نەبوو، بەڵكو ئەو پێیوابوو كە بەزەیی تێ بەرامبەر بە من، تەنیا بێ ئەوەیە، ترسی ئەو ئازارەی تووشی من بووە، لە خێت دوور بخەیتەوە.

پاژی دووەم: گەڕانەوە بێ سروشت و ترسان لە سروشت!

ئەو ساتەی، مرۆڤ لەنێو سروشتدا، سروشتێكی بەد نمایش دەكا، ئەوا بەرامبەر تووشی ئازارگەلێك دەكا، وەكو ئازارەكانی نێو سروشت دەردەكەون، كەچی لەنێو وێنا ڕاستەقینەكەی ئەو نمایشە، دەزانین كە ئازارەكان هیچ نین جگە لە ئازاری مرۆڤە بەدەكان كە دەمانسووتێنن.
(سروشت هەموو شتێكت ترساندوومی
لرفەی ئاگرت
بڕندایی چیات
گەفی ڕووبارت
دەشتایی ڕووتت
پەنجەم لە چاوەڕوانییەكی دوانەهاتوو یان گیان پێنەماو)
ترسان لە سروشت، ترسانە لەو دیوە بینراوەی كە مردن بەدوای خێیدا دەهێنێ، بەڵام لە شیعرەكەدا هیچ ئاماژەیەك بێ ترسان لە مردن بوونی نییە، تەنیا ترسان لە ڕۆگاكانی گەیشتن بە مردن هەستی پێ دەكرێ، بەیە شاعیر وەكو كارەكتەرێكی بوێر باسی ئازاری ئەو سروشتە دەكا، بوێرییەك كە لە ترسان لە ئاگر و چیا و ڕووبار و دەشتاییدا بە كێتا دەگات، ترسانێك كە چاوەڕوانییەكی دوانەهاتوو یان گیان

پێنەماو بەدوای خۆیدا دەهێنێ.
مرۆڤ لە ئەستانەی گەیشتن بە مردن، لەوەیە بیر لە ڕۆگاکانی گەیشتن بەو مردنە بکاتەوە، وەك چۆن باڵندەیەك دەفڕێ و دەشزانێ فڕینی ئەو لەوەیە مردنی ئەو بێت، لەوەیە لە میانەی ئەو فڕینەیدا، ببێت بە قوربانیی فیشەکێك یان ساچمەیەك یان دارلاستیکێك، بەڵام هێشتا ئەو ترسانە لە فڕین پاشگەزی ناکاتەوە و بەردەوامە لە فڕین بەرەو مەملەکەتی ئەو حەقیقەتەی، بکۆتایە.
(سارتەر) لە شانامەی (دۆرگای داخراو)دا، لەسەر زاری کارەکتەرەکەوە دەڵێت: (نەخێر لە دۆزەخدا پێویستیمان بە گورزی ئاگرین نییە، دۆزەخ هەر ئەمانەی دەوروبەرمانن). ناڕەحەتیی نائاسایی (سارتەر)، بەشێکی پێویستبووە بە شێوەی (سارتەر) خۆیەوە کە خاوەنی دوو چاوی کز بووە و مامۆستایەکی ئەوانیتر لێگەیدا لە منایییەوە نائاسایی بووە، دواجار (سارتەر) نیگای ئەوانیتر بە ڕق و کینەوە ڕووەن دەکاتەوە، بەیە ژیان لێگەڕ ئەوانی تر لای ئەو فێلەسوفە، دۆزەخێکە بۆ خۆی، چونکە هەست بەو ئازارە دەکا کە لە مرۆڤەکانەوە پێمان دەگەن.

پاژی سێیەم: لە ئەزموونی مردنەوە بۆ ئەزموونی گۆڕستان!

گۆڕستان ئەزموونێکی تازەیە بۆ مرۆڤ بە هەمیشەیی، چونکە بەردەوام مردووی تازە دێنە نێو گۆڕستان، بۆیە ئەو مەملەکەتە بەردەوام خۆی تازە دەکاتەوە، بەردەوام لەسەر حیسابی خوێن و ئێسقان و جەستەی ئێمە، بانگەشە بۆ ڕیفۆرم دەکا.
(گۆڕستان ماڵێکە ئازیزەکانی بانگ دەکاتە ناو خۆی بە مەدالیا ناسراویان دەکا
فڕی زمانی هەموومان دەبن
لە
کتێب و
چرا و
سرووش و
شۆش و
ئەسپ دەدوێن
دارشەخسەکانی لێیان دەبڕدرێ بۆ
لانك و
بلوێر و
گۆپاڵ و
پەرژین

چۆن و بە چ تامەزرۆییەك دەمخەیتە سەر دووبارەی بەهۆزی فۆین ئای فۆین بەرەو کۆم دەبات)
شاعیر باسی ونبوونی ئازیزەکان دەکا لەنێو گۆڕستاندا، باسی ئەو لێدوانە دەکا کە لێدوانە لە کتێب و چرا و شۆش و ئەسپ، دواتر (فۆینی نادیار) کە فۆینە بەرەو دنیایەکی نادیار، خەیاڵی شاعیر داگیر دەکا، فۆینێك لەپاڵ ئازار و ناڕەحەتییەکانی، لەخۆگری تامەزرۆییەکانی گۆڕستانە و وێناگەلی وەکو لانك و بلوێر و گۆپاڵ و پەرژین بەدوای خۆیدا دەهێنێ.
گۆڕستان پێمان دەڵێ: شکستی مەزن ئێو شکستێ, مرۆڤ هەست بکا لەسەر ڕێگایەکی ڕاستێ و هەر ئێو ڕێگایەش سپاردەی دەزەخی بکا، شێ لێ پێناوی ئایدیایەك بکا و هەر ئێو ئایدیایەش بیبا بەرەو کێناراوەکانی مردن، شانازی بێ مەعریفەیەکەوێ بکا و هەر ئێو مەعریفەیێ وجود و بیر کردنەوێ و عەقڵی لێ بسێنێ، کەواتێ لێو ساتەدا ئێو مەعریفەیێ هیچ نییێ جگێ لێ جەهلەکی خەست کێ پاڵ بێ مرۆڤەوێ دەنێ بێ گومڕابوونی زیاتر.
مادام ژیان هەر کۆتایی دێت و لێ چرکەساتەکدا دەبینەوێ بێ سفر، کەواتێ ئێوەی دەمێنێتەوێ، ڕابردووی ئێمەیێ، هەر ئێو ڕابردووێ بەرپرسیارێ لێ داهاتووی ئێمێ و خۆشی و ناخۆشی ئێمەی پێوێ لکاوێ، بۆئێندازەی جوان کەشانی تابلۆی ڕابردوومان، باخچەی ئایندەمان فراوانتر دەبێت, ئێو حەقیقەتێ شتەکێ پێویستی بێ سڵماندن نییێ، چونکێ زمانی حاڵی هەموو مردووەکان ئێوەمان پێ دەڵێن کێ ژیانی دنیا کۆتایی بێ هەیێ، بەڵام وێستگەی جوانکردن و نەخشاندی ژیانی حەقیقییە، هەر ئێو چرکەساتەی سپاردەی خاکمان دەکەن، تەدەگەین ئازاردانی ئەوانی تر، چ کارەساتەکی مەزن بوو، وەڵێ تازێ درەنگێ بێ هەموو شتەك !

کۆتایی:
شاعیر بەردەوام لەم بەرهەمەیدا کە (زەوان)ە، پێمان دەڵێ: پێویستە بە قووڵی لە دنیا بژانین و مامەڵەیەکی قووێ لەگەڵ ووداوەکان بکەین، وەڵێ ئەو مامەڵەیە، هیچ لە حەقیقەتی پوچێتی دنیا کەم ناکاتەوە.

——

سەرچاوە:
دیوانی سەباح رەنجدەر، بەرگی یەکەم، 2018، هەولێر
ژیان بەمانایە؟، بەند باجەلان، 2023، هەولێر
سەفەر بەرەو منالی بە کەشتیی گەورەبوون، بەند باجەلان، گۆڤاری

گەلاوێژی نوێ، 2022

گفتوگۆ لەگەڵ شاعیر نەسرین تەنیا.. ئامادەکردنی: کامەران حاجی ئیلیاس

نەسرین تەنیا: نووسین و دەر بڕینی هەستەکان جۆرێکە لە یاخی بوون
نەسرین تەنیا: قوبوونەوە لە ژانی مەبوون منی ئاوێتەی جیهانی شیعر کرد
نەسرین تەنیا: کاریگەری قوتابخانەی کلاسیك زیاتر لەسەر من هەیە چۆن لەدەقی کلاسیك دەبینم

خاتوو نەسرین حسێن ناسراو بە (نەسرین تەنیا) شاعیرێکی هەست ناسکی نەو بواری ئەدەبە، لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵات لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی هەر لەو شارە تەواو کردووە . خانمە شاعیر (نەسرین تەنیا)، لە ساڵی 1997دەستی بە نوسین کردووە، ساڵی2015 بە گەیشتن بەخوێنەکانی لەبواری شیعر و ئازاد بوونی بیروباوەڕەکانی و قەڵەمەکەی وەکو ئافرەتێك لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باشور سەفەری کرد و لەئێستادا لە شاری سلێمانی نیشتەجێ دووکتێبی شیعری چاپکراوی هەیە دووکتێبی تریشی ئامادەیە بۆچاپکردن .ئەم خاتوونە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووك و دهۆك و شارەکانی دەوروبەر بەشداری چەندین سمینار و کۆ و دیبەیت کردووە، چەندین دیداری لە تیڤیەکانی ئەنجام داوە خاوەنی دیان خاتی ێیزلێنانە هەروەها وەکو چالاکوانێك لە ساڵی 2016وە خەبەخشانە لە ڕۆکخراوە مەدەنیەکاندا کاری کردوە . یەکێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی شاعیران، لە ئێستا هاوسەرۆکی ڕۆکخراوی ڕۆشنبیرانی کورد بریتانیایە بەباشمان زانی لە نزیکەوە بچێند پرسیارێك بەسەری بکەینەوە.

*سەرەتا بابزانین چۆن ئاوێتەی جیهانی شیعر بوویت ؟

- مرۆڤ زەرجار پەویستی بەهاوارکە تاچکەیەك بە بەنداوی پەنگخواردووی ناخی بکاتەوە، من ئەو هاوارەی خەم بەنووسین دەربڕی تا هاوئازارکانم لەمترسیەکانی ستەمکار ئاگاداربکەمەوە، ستەمکار هەر داگیرکەر و دیکتاتەرکان نین زەرجار مەعشووق بەستەمك یان بە خافبوونك ووی ژیانت بەرەو بیابانی ئازار دەگەڕێ . نەگەیشتن بە خواستەکەیەکانم و هەستکردن بە نادادیگشتیەکانی وەتەکەم و قوبوونەوە لە ژانی مەبوون منی ئاوێتەی جیهانی شیعر کرد.
*زەرجار ناونیشانی شیعرەکانت سەرنجی خوێنەران بۆلای رادەکێشێت تاچەند گرنگی بە ناونیشانی شیعرەکانت دەدەی؟

- بەڵێ سیمۆلۆژیان (ناونیشان)، لە هەر شیعرەکدا کاریگەری و هاندەری خوێندەوەیت بە تێگەیشتن لە دۆقی شیعر، زەرجار جوانترین و پە ماناترین وشەی ناو دۆقەکەم کە دەبێتە لوتکەی ئەو شیعرە و هەڵبژاردەی من دەبێت بە ناونیشانی شیعرەکانم.
*لێگەڕێ دەربکەوتنی تەکنەلۆژیا وتەکنەلۆژیاتیەکانی سۆسیال میدیا زەرەك لە ئارەزوومەندان شیعر دەنووسن وبەهاویدەکەنەوە بەچوونت لەسەر نووسینەکانیان چیە؟

- سۆشیال میدیا ئازادیەکی زۆری فەراهەم کردووە و من هەمیشە گوتوومەو دەڵێم هەموو کەس بەهرەیەکی شاراوە لە ناخیدا هەیە کە دەبێ نەترسانە بە لە دایك بوونی ئەو بەهرەیە هەوە بدات و بەرگەی هەر ڕەخنەو شکست و کەوتنەك بگرە، دیارە ئەو کەسانەیش بەهرەی نووسینی شیعریان تێدا هەیە کە دەنووسن و بەاوی دەکەنەوە ،ئاستە کەمەڵێ شیعری لاواز دەبینین و ڕەخنەیان لە دەگیرێت ،
بەڵام من ئەڵێم کەسەك بوێری ئەوەی هەبێت قەڵەم بەدەستەوە بگرە، تەنانەت یەك دەڵێش بنووسە جگەی دەستخێشێ و ئەبە کەسانی شارەزا هاوکارو هاندەریان بن، نەك بە ڕەخنەی ووخنەر بە هیوایان بکەن .
- کەمەڵێی لە شاعیرانی کورد شوێن پەنجەیان لە نەو ئەدەبی کوردی دیارو بەرچاوە کامەن ئەو شاعیرانەی کاریگەریان لەسەر بەرهەزت هەبووە، یاخود سەرسامی بە شیعرەکانیان؟
- پەم وانیە شیعری هیچ شاعیرەك لە سەر نووسینەکان و هزری من کاریگەریان هەبووبە بەڵام بەردەوام شیعری شاعیرە کۆنەکانی کلاسیك و شاعیران شەرکە بکەس و لەتیف هەمەت و قوبادی جەلیزادو مامۆستا پەشۆو دەخوێنمەوەو سەرسامم بە

نووسینەکانیان، دەکرێت بەم کاریگەری قوتابخانەی کلاسیك زیاتر لەسەر من هەیە و خەم چڕ لەدەقی کلاسیك زیاتر دەبینم .

*شیعرەکانی تۆ چۆن لەدایك دەبن؟ بەمانایەکی تر هەوڵنی شیعرەکانی تۆ چین؟

- شیعر خۆ نوسینەوەی خودی شاعیرە کە بریتیە لە "شکست، تەنیایی ڕەح، لەدەستدانی ئازیزان، غوربەت، هەست کردن بە ئازارەکانی کۆمەڵگە و کەسانی دەوروبەر و جوانیەکان" هەرکامەکیان دەتوانن کاریگەری نەرێنی یاخود ئەرێنی لەسەر شاعیر دروست بکەن بە دەربڕینی هەستەکان و لە دایك بوونی شیعر، منیش شیعرم لەسەر هەموو ئەو دیمەنانە هەیە کە شایانی هەڵوەستەن .
- خاوەنی دووکتێبی شیعری چاپکراون، یەکەکیان بەناوی (پێکەنین بە تەمامی گریان)، ئەگەر باس لە ناوەڕۆکی کتێبەکە بکەیت مانشتەکەی زەر سەرنج ڕاکێشا؟
- من دوو کتێبی چاپکراوم هەیە بە ناوەکانی (ڕووان بە لاپاڵی غوربەتەوە) کە لەساڵی 2017 دا چاپ کراوە لەگەڵ (پێکەنین بە تامی گریان)، لەساڵی 2020دا چاپ کراوە، هەر دوو کتێبەکە لە هەڵی نووسەرانی کورد لقی سلیمانی ناساندنیان بە کراوەو خراوەتە بەر دیدی خوێنەر. هەروەها سیدیەکی دەنگیشم لە شیعرەکانی کتێبی (ڕووان بە لاپاڵی غوربەتەوە) تۆمار کردووەو لە ئێستادا لە سەنتەری ئیاد بەردەستە.

ناوەڕۆکی هەردوو کتێبەکەم بریتیە لە کۆمەڵە شیعری خۆشەویستی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی کە بە ستایلی کلاسیك و ئازادو هایکۆ و قەسیدە نووسراوە زەر جار ناونیشانی کتێب یا شیعرێك ئەتوانێ ببێتە مانشت و خوێنەر بە خوێندنەوە ڕابکێشێت ، بە ڕای خەم مانشتی کتێبی (پێکەنین بە تامی گریان)

لە پێشدا ناونیشانکەیتی و دواجار شیعرە ئاشقانەکانیتی کە ڕاستگۆیانە بە هەستکی پاکی ژنانەوە نووسراوە.

*چۆن دەڕوانیتە ڕەخنە ئایا بەرزتان روبەرووی ڕەخنە بوویتەوە؟

- بەگومان هەموو کەس ناتوانێ ڕەخنەگربێت ئەگەر لەو بوارەدا نەیخوێندبێ و دراسەی نەکردبێ،

ڕەخنەی دروستکەر و ڕووخێنەرمان هەیە ئەگەر کەسکی خوێنەرو

شارزا لە بواری رۆخنەدا بە دەستەزی بە دروست کردن و بڵاوپەخش چوونم رۆخنەم لێبگرێت، بە دڵنیکی گەورەوە وەری دەگرم و هەوڵ ئەدەم سوود لە زانیاریکانی وەر بگرم و سپاسی دەکەم ، بەڵام بە دڵنیایەوە هەبووی رۆخنە بووەتەوە کە توانیومە بەم ئاستە بگەم .

- چیت هەیە بە ئەو ئافرەتانەی بەهرەکانیان دەرناخەن و دەیشارنەوە؟
- نووسین و دەر بینی هەستکان جۆریکە لە یاخی بوون، کە یاخی بووی نابە سە بکەیت و سەیری دواوە بکەیت، " دەنگکەت، قەڵەمکەت، هونەرکەت" چکی تایە بە سەرکەوتنت، بۆ چکە شڵە بکە و بڕۆ لوتکەهەنگاو بنە، ئەمە ئافرەتین ئافرەتیش جوانترین و بەنرختترین بوونەوەری سەر زەویین، تکایە با خەمان بین.

*پرسیاری داهاتوون چیە؟

- دوو کتێبم ئامادەی چاپن، یەکەکیان شیعرەو یەکەکیان کەمێک چیرۆکی ئاستقیینە لە ژنانی زوڵم لێکراو کە لە ئارایشتگاکەم لە کاتی جوانکاری، ئازارکانی ژیانی خۆیان باس کردووەو لە گەڵیان گریاوم و لە گەڵم گریاون .
- هەڤپەیڤین – کامەران حاجی ئەلیاس

پرسیی حەقیقەت لە فەزای ڤەرچواڵدا.. ئاراس سەعید

فەزایی ڤەرچواڵ، لە کورترین پێناسەدا، بریتییە لە دنیای شاشە یان ئەو جیهانەی لەودیوی شاشکانەوە ئاوێتە و دەرگیری دەبین. بەشێوەیکی گشتی فەزایی ڤەرچواڵ ئاماژەیە بە نوێنرایەتی دیجیتاڵی مرۆڤ، لەناو ژینگەی ئەلیکترۆنیدا.
بەدڕبڕێنکی دیکە، فەزای ڤەرچواڵ دەکرێت، جیهانی لاساییکردنەوە و لەکچواندن و کۆپیکردن بگرێتەوە. وەکوو ئەوەی "ژان بودریار" بە (سیمۆلاکرا و سیمولەیشن / Simulacra and Simulation) ناودێریکردووە. هەردوو چەمکەکە گوزارشتە لە پیشسازی

لەبەرگرتنەوە و ئاماژەکردن بە جیهانێک کە مەخی جۆهەری خالیکراوەتەوە. بەدیدی بەدریار، کەمەگەی مەدەرن بە ئەزموونی لاسایکردنەوەو پیشەسازی لەبەرگرتنەوە دەناسرێتەوە، کە جیاوازی نێوان واقیع و ڤێرچوال پەردەپشدەکات یان دەسڕێتەوە. بەدریار دەڵێت:لە جیهانی ڤێرچوالدا. نوێنەرایەتییەکان/ لەبەرگیراوەکان لە خودی واقیع زیاتر زیندووتر و سەرنجڕاکێشتر دەردەکەون، بەیە فەزای ڤێرچوال دەبێتە جیهانێکی کۆپیکردنەوەو لەبەرگرتنەوە، جیهانێک لە هەموو ڕەسەنایەتییەک دامااڵێندراوە.
بۆپەی تێواینەکانی بەدریار ئەو جیهانەی ساختەیەی لە کەمەگەی دیجتاڵیدا دەگیری دەبین، بریتییە لە کۆپیکردنەوە و لاسایکردنەوەی واقیع، بەجۆرێک ساختەکارییەکان لە حەقیقەتی شتەکان سەرنجڕاکێشتر دەردەکەوێت، بەیە فەزای ڤێرتوەل ئاماژەیە بە جیهانێک کە مەخی جۆهەری خالیکراوەتەوە. وەکوو ئەوەی فەیلەسووفی فەڕەنسی (پاڵ ڤیریۆ) دەڵێت: لە فەزای ڤێرچوالدا فەرم جگەی ناوەڕۆک و مانا و ئیستاتیکا دەگێڕێتەوە[Paul Verlow :The Art Of The Engine].
بەمانایەکی دیکە، لەفەزای ڤێرچوالدا فەرم نوێنەرایەتی حەقیقەت دەکات. فەرمێک کە ماهیەتی جۆهەری خالیکراوەتەوە.
فەزای ڤێرتوەل نوێنەرایەتی واقیعێک دەکات، کە دوورە لە هەلووەرجی کەمەایەتی و ماتیایی ئەو واقیعەی کە سوبێکتی تێدا دەژیت. بە نموونە: شوناسی سوبێکت لەنەو فەزای ڤێرچوالدا، هەمان ئەو شوناسە کەمەایەتییە نیە نوێنەرایەتی واقیعی ماتیایی سوبێکت دەکات. بەڵکو سوبێکت دووچاری جۆرێک لە نامەبوون دەبێتەوە، کە هەگری شوناسێکە لەگەڵ واقیعی کەمەایەتی خێیدا ناگونجێت.
نامەبوونی سوبێکت دەخێکە وەکوو ئەوەی فەیلەسووفی ئەڵمانی "فرەدریک هیگڵ" لەبارەیەوە دەنوسێت: پەسەیەکە کە سوبێکت خۆ بەخۆ تێدا دەبێتە بێگانە. ئەمەش ساتێک هوودەیت کە ناتوانێت خودی خۆی ببینیت، لە وجیهانە کەمەایەتییەی تێدا دەژیت[Phenomenology of Spirt. Hegls Phenomenology des Giestes…1807]. بەپێی هیگڵ نامەبوون پەسەی درپێککردنە بەوەی سوبێکت خۆی لەو جیهانەدا نابینێتەوە کە تێدا دەژیت.
بەدەربەینێکی دی، پەسەیەکە مرۆف نامە دەبەت لەو شوناسە کەمەایەتیەی پێدراوە، چوون ئەو شوناسە هیچ گوزارشتێک لەناوەوەی مرۆف ناکات، بەڵکو تێگەشتنی ئەویتر لە هووی دەرەوەیدا سنووراربووە. یان بەدەربەینە "لاکان"یەکە: نامەبوون دەخێکە سوبێکت دەبێتە ئەبێکت بە دەرەوەی خۆی. سوبێکت ماموە بە کەمەێک ئارەزووی ڕەمزی و دالەوە دەکات، کەهی ئەویدیکەیە(من ئەویدیکەیە) یان (ئارەزووی من ئارەزووی ئەودیکەیە).

ژاک لاکان لە قۆناغی ئاوێنەدا(The mirror stage) ئاماژە بە سەرەتاکانی هۆسکانی سوبەکت دەکات. ئەو بارودۆخەی ئیگۆ لە بەرئەنجامی کەمکەبوونی کەمەک وێنە و ئارەزووی ساختە دەرسکەت. بەگوێرەی لاکان کە دەڵێت:(من ئەویدیکەم یان ئارەزووکانی سوبەکت ئارەزووکانی ئەویدکەیە) بەوانینە شوناسی سوبەکت لە فەزای قەرتوڵدا، شوناسی دیجتاڵی یان ئارەزووکانی سوبەکتی دیجتاڵی هەمان ئارەزوکانی ئەویدیکەیە. بەو مانایەی شوناسی سوبەکتی دیجتاڵی لە ئەنجامی کەمکەبوونی کەمەک وێنا و ئایدیای ساختەو دەسکەت، کە لەگەڵ واقیعی سوبەکتی کەمەلایەتی ئەودا یەک ناگرێتەوە.

دەکرێت تێزکانی "ئەفڵاتوون" وەکوو ئەو هێخنەیەی دەکەوێتە سەر فەزای قەرچواڵ و پیشەسازی لەبەرگرتنەوە وەربگرین، کە پێش لە دایکبوونی پێشکەوتووترین و بەربڵاوترین فەرهەنگانی تەکنەلۆژیا خراوەتەوو، بەدوان لەسەر سیستەمی دووانەیی بەهاکان و بەبەهاکردنی جیهانی زەمینی و توخمە دیارکانی. هەزاران ساڵ بەر لە پەیدابوونی دنیای شاشە و فەزای قەرچواڵ، ئەفلاتوون، ئەو هێخنەیەی ئاماژەی شاعیر و نیگارکێشکان کرد، کە زەر بە لەهاتوویی لاسایی حەقیقەتیان دەکردەوە و سەرلێشێواویان لە نێوان واقیع و خەیاڵدا دروست دەکرد.

تەواوی فەلسەفەی پلاتۆ وەکوو هێخنەی (میمەسیس) دەردەکەوێت. (هەموو تەکنیکەکانی پیشەسازی لەبەرگرتنەوە، لەسەر بنەمای بنەمای دووبارەبوونەوە یان لاسایی کردنەوە خەی مانیفەست دەکاتەوە) لەم چوارچێوەیدا هێخنەی (ئیماگۆ) جێگەیەکی پلە یەک داگیر دەکات. خەیاڵ یەکێکە لە ئامانجەکانی، وەکوو هەر وێنەیەک، کە وەکوو کەپی واقیعێکی جێوهەریتر تەدەگات و بەو هەیەوە دەبێتە بەرهەمهێنەری وەهم. کتێبی کۆمار / La République دەوەڵمەندە بە وێناکردن بەتایبەتی میتافەی ئیشکەوت لەگەڵ لێکچوونە بەناوبانگەکەی کە هەمای دابەشبوونی جیهانە بە چوار بەشی بەهای نایەکسان، ئەوانیش بریتیە لە جیهانی decrescendo ئایدیاکان، ئایدیاکان، ئەبستراکتەکان(ماتماتێک)،ماتیاڵەکان، نوێنەرایەتییەکان[1993، VI، 509c-511e، VII، 514-522]

بەگوێرەی ئەفڵاتوون ئەگەر بمانەوێت، لە جێوهەری شتێک تێبگەین، کە پێناسەکەی بەهەی پەوانە و فیگەرە ئەندازییەکانەوە دەردەکەوێت، هەرچەندە هەمیشە دەکەوێتە چوارچێوەی کایەی تێگەیشتنەوە، بەڵام کۆمەک تەواو و بە کەموکوڕییەوە بەو پێیەی کەپییەکی سادەی واقیع پێکدەهێنێت. ئەمە بە فەزای قەرچواڵیش بوجەرێیە، شتەکان کەپییەکی واقیعن، لە ماددییەتی فرەیی و دەخی جوڵاودا گیریان خواردووە.

بەمجۆرەش، نوێنەرایەتییە وێنەییەکان ڕەنگدانەوەی واقیعی شتەکانن، کە ڕەسەنایەتیان لەدەست داوە و تەنیا پەیوەندییەکی دوورییان لەگەڵ ئایدیاڵە سەرەکییەکەدا هەیە.

دەکرێت فەزای ئەکچوال بە فەزای ئۆبژەکتی ئۆفڵاتوون وێنا بکەین، لە کتێبی کۆماردا گریمانەی ئۆبژەکتێک دەکات و دەنووسێت: وای دابنێ کەمێک لەنێو ئۆبژەکتەکدا دەژین. دەرگای ئۆبژەکتەلەسەرەوەیە و لەوانەوە دوورە. دەرگاکەش هێندەی پانیی ئۆبژەکتەکەیە و ڕووناکی لەوەوە بە نێو ئۆبژەکتەکە دەگات. ئەو کەمێک لە منداڵییەوە لەوە دانراون، مل و پێیان بە زنجیر بەستراوەتەوە و ناتوانن ئاوڕ بدەنەوە. ڕوناکیش بە نێو ئۆبژەکتەکە لە ئاگرەکەوە دێت کە لە پشتیانەوە هەڵکراوە. لەنێوان ئەوان و ئاگرەکەدا ڕاوەکێی درێژ هەیە. وای دابنێ لەبەردەم ئەوم ڕاوەدا، وەکوو چیغی بەردەم شانۆی بووکشووشۆ بە هەڵسوڕانی بووکەڵەکان، دیوارێکی نزم هەڵچنراوە. وای دابنێ هێندێک کەس لەو دیو دیوارەکەوە پەیکەری مرۆڤ یان ئاژەڵیان بەکاردەهێنن و لە بەرد و تەختەو شتی دیکە داتاشراون و هاتووچۆ دەکەن. هێندێکیان دەدوێن و هێندێکی دیکەیان بە دەنگن. ئەوەی باسی دەکەیت سێبەر، کەسانی نێو ئۆبژەکتەکەش سێبەرن. ئەوان لە ئەمە دەچن. ئایا بڕگە لە سێبەری خەیان و ئەوانی دیکە، کە لە ڕووناکی ئاگرەکە لەسەر دیوارەکەی بەردەمیان دەریدەخات، هیچی دیکە دەبینن؟ ئەگەر نەتوانن ئاوڕبدەنەوە چۆن دەبینن؟ئەی لەبارەی ئەو باباتەوە، کە تەنها سێبەرەکانیان دەردەکەون؟ ئەگەر لەگەڵ یەکدا دوان، لەم باوەڕەدا نیت تەنیا ناوی ئەو شتانە بزانن، کە لەسەر دیوار، سێبەرەکەی دەبینن؟ ئەگەر ئۆبژەکتەکە دەنگ بداتەوە، لەو باوەڕەدانیت کە لەگەڵ دەنگدانەوەکەدا سێبەرێک ببینن، وا هەست دەکەن دەنگەکە لە سێبەرەکەوە دەرچووە؟ کەوابوو بە کەسانی نێو ئۆبژەکتەکە ڕاستی بڕگە لەسێبەرەکانی سەردیوارەکەی بەردەمیان هیچی دیکە نیە[ئەفلاتوون، کۆمار، بەشی حەوتەم، و/محمەد کەمال، ل 229].

دەکرێت فەزای ئەکچوال بە میتافەری ئۆبژەکت بچوێنین، دەرگیربوون بە فەزای ئەکچوال پشتکردنە لەحەقیقەت و ڕووکردنە شاشە، ڕووکردنە لە دیوارەکانی ناوەوەی ئۆبژەکت. دنیای شاشە وەکوو دەگمەکانی ئۆبژەکت فریودەرە و هەمان تەکنیکی هەیە، سەرەتا واهەستدەکەین ئەوەی دەیبینین ڕاستەقینەیە، ئەو دەنگانەی لە شتەکانەوە دەردەچن هەمان دەنگی وێنەکانە، بەڵام لەبنەمادا ئەوەی دەیبینین سێبەری شتەکانە لە دنیای شاشەدا. پیشەسازی لەبەرگرتنەوە بەوشەوەیە واقیع لەقاڵبەدات کە خەیاڵەت، ئەوەی بەریدەکەوین فەرمکی بە

ناوەکە، کە لەبنەمادا جۆهەر و واقیعی شتەکی دیکە. بەدیدی ئەفلاتوون لەبەرگرتنەوە حەقیقەت نیە و نابێتە حەقیقەتیش. لەگەڵی سەبەری درەختەوە، ناتوانین درەخت بناسین، ئەوانەی لە ئەشکەوتەکدا نیشتەجێن، تەنها لەگەڵی سەبەری درەختەوە، درەخت دەناسن، بەڵام درەخت شتەکی دیکەیە. چەمکەک کە داهێنانەکەی مانا وەردەگرێت بە پێچەوانەی جۆهەرەکەوە کە پێشتر بوونی هەیە. فەزای قەرتوڵ هاومانایە لەگەڵ هەریەک لەو دەستواژەی (درەزنەکان، نمایشکارە بوکەڵەیەکان، سۆفیستەکان و وەهمگەرەکان) هەموو ئەوانەی لە کتێبی پێنجەمی (کۆمار) دا ئیدانەکراون. کە بەهەمان شێوەی شاعیران و دروستکەرانی دیکەی وەنەکە واقیع ساختە دەکات و بەو هەیوە پەردە لەسەر ڕاستیەکان دادەپۆشێت. وەکوو ئەوەی "سڵین برایان" دەیڵێت: ئەگەر فەزای قەرچەواڵە لەسەردەمی پلاتۆ دا هەبووایە، بەگومان لە شاری ئایدیایی (فەیلەسوف_شا) قەدەغەی دەکرا. چاپەمەنی و تەلەفزیۆن و سایتەکانی ئینتەرنێت چی دەکەن، جگە لە دووبارەکردنەوە و لەبەرگرتنەوەی هەوداوەکان و نوێنەرایەتیکردنیان لە فەزای قەرتوڵدا.

سلەمانی لە ئەفسانەی نیشتمان پەروەرەکەدا.. سەردار قادر

ساڵ پێنجاو حەوت بوو، بەرلەوەی چەمەڵەی زریان هەناسە فێنکەکانی شنەی با بتاسێنێ، بەرلەوەی گوڵەبەڕە سووری دوای نەورۆز چڕی ئارەزوی بژاکە ، بەرلەوەی بەچووی کەترە شینکە لەناو هەڵانەی غوربەتا کزەکەنشیە، بەرلەوەی قریشکەی هەورە تریشقە کەرپەی ناوبەشکە لەخەوی شیرین هەستێنێ سلەمانی وەك کاکەشانەکی گوێش دەژایە سەرشانی تریفە و لەگەڵ گەردی گوێستێری وشەدا ئاوازیان بەخەندەی گوڵ دەچڕی، بەیانیان گەڵ شنەی بادا وەك گوڵی ئەرخەوان سەمای دەکرد لەو بەرەنگی پەمەیەوە کەنوشیان بۆئەوین وخەشە ویستی دەبرد هەر ئەو ساڵە خودا فریشتەیەك دەبەخشێ بەسەلەمانی و وەك ئاویترین گەرانی کانی بەهەوری

بەرەوبارودۆخی ڕیاچەکان دەخرێشێ، سەرتاپا سارای ئەم مەبەندە پەدەکات لە ئاوازی گۆگا و نیانترلە چەچەی بولبول وخشترلە جریوەی پەپسۆلکە دەژێتە نێو سۆزترین ستڕانی شارەوە، شۆڵەك لەشوانی دواهەمین وەرزی بەهار جەزردان وەك مانگە شەوی شیعر باوش بەتریفەی ئەوین دەکاتەوو بەعەزرەتەوە گوێ ئادەدرێ بگۆگای کەرپەیك، سروە پێش خەندە و قاقای سەرلەوی خاتوومامان وەك یەکەمین نوقڵانەی پەکەنین مزگێنی دەدا بە سەردەمی کازیوەوەمەتی پەدەکا لەجێگە ماچی ئەستێرە هەواڵ دەدابگێژێ و ئەزمەو پەیان دەدا: مزگێنێ بە ئەمشەو شارەکەم تەژی بوو لەگەڕانی نەوتراو، پەبوو لە هیواو ئەوین، پەبوو لە تریقە و قاقای ژنانی گەنگ، هەڵك ئەوساتە وەختە دەبێ، کە گوڵە هەڕەز لەبەر تینی خۆرا شەشی هەنگاوێیی پەشکەش بە چاوشینەکانی ئاسمان دەکات، سروە بە ئاوێتەی خوناوەوە گوێ دەخاتە سەما، پەپسۆلکە بە دەنکی پە لە خونەوە هەڵدەفڕێ و دەجریونێ بەسەر شکۆفەی باخ و باخچەدا وەك ئەوەی سڵەمانی و جەزردان چاوەوانی لەدایك بوونی شاعیرەك بن وەك هۆناکی کازیوە خەی لەشەوزەنگ ئاست بکاتەوە، هەرئەو شەوە وەك یەکەمین شادومانی بچکۆلانەی ژیان مناڵەك وەك خاخاکەیکی هەنگین دەفڕێ وەك یەکەمین سەرچاوەی سەز و ئەوین دەتە ناوباخچەی ژیانەوە ئای کە جوانە شارێ لەناو بیلبلەی چاوا پەبەت لە سەمای گوڵێ گەزیزەی عەیاروبەن و بەرامەی خەی تەکڵێ بەشنەکانی کازیوە دەکات، من نازانم ئەم شارە بەڵبونەوە پەپەە لە سیحری ئەوین، ئەوتا بە تەمەنێکی کەمەوە، خەی کرد بە پەشەوای گەردون و وەك شەڵسوارەك بەهەزو هیوای عەشقەوە غاردەدات ئەو پیاوێ شاعیرو تەکەشەرە "مەردان" بوو هەرلەوساتەوە بەیەکەمین جاروەك منداڵێکی بزەو پاش ئەوەی دەست دەکا بە ناسینی زمانی دایکی، دوای بیستنی ئەم زمانە شیرینە بەعەشقە وە هەگری دەبێ و بەدێ گوێی لە دەگرێ و پێی دەدوێ و ئیدی وەك سەرکەشەك کاردانەوەی خەی دەبێ، ئەوسا وەك مناڵێکی کورد جوانتر ئاشنای زمانی خەی و دایکی دەبێ هەربەو زمانە شیرینەش ڕەژ لە دوای ڕەژ لەگەڵ هاوڕێ و دەوروبەرکانیدا پەوەندی دەگرێ هەربەو زمانەش زەر شێدایانە یاری و گەمێ و کایە دەکاو پێ دەکەنێ وهەست و نەستی ئاوێتەدەکا تەنانەت خونەکانیشی بەو زمانەوە ڕاقە دەکا و بەو زمانەش کتێبکانی چاپ دەکات ئیدی بەوپەڕی متمانە و بەوابەخبوونەوە لەگەڵیدا گشردەکا و باڵادەکات، ئەستا ئەم پیاوە بووە بە دیرەکی ژیلەمێ و سەرەتای هەموو خاکەڵوێیك ختووکەی عەشقمان دەدا و وەك بەهارەکی

ئەبەدی وەك سرودەكەی پیرەمەرد و ئاوازەكەی دیلان نەورەزباران و گوڵبارانمان دەكات هەموو ئێوارەی نەورەز وەك نیگای ئاگرەكی گەش بە بیروری مامیارەدا كەپەدەكا، وەك ئەستێرەیەك لە پشت هەورەوە خونە سپیەكانی دەچنێتەوە مەردان لە توخمی مەسیقا دەچێ، نەسنوری هەیە و نەزمان نەنژاد، زەرجار لە خەر دەچێ هەندێ جاریش لە تریفە هەندێ جاریش وەك خوێی دەنگی شەپۆل پرپرە لەمیلادی كەسك، مەردان گەردونەكە پێپێە لە شنەی با و گەرانی باران من هەمیشە لە خەم دەپرسی ئەرێ ئەم شەكرە پیاوە لەچ ڕەگەزێكە واهێندە شەت و شەیدای بەیسەی ئاگر و گوڵاڵە سورەی سەردەمی خاكەلەویە.
ڕەسووڵ هەمزاتۆف دەڵێ:"كاتێ لێت دەپرسن تێ كێی؟ دەتوانی ناسنامەی خێت پێشان بدەیت. بەڵام كاتێ لە گەلەك دەپرسن ئێوە كێن؟ دەتوانن زانا و نووسەر و هونەرمەندەكانیان پێشكەش بكەن".
گەلی كوردیش ئێستە خاوەنی دەیان و سەدان كەسایەتیی بەتوانایە لە بواره جیاجیاكاندا، كە جێی دەستیان دیارە.



مامەستا (محەمەد مەردان)
مامەستا (محەمەد مەردان) یەكێكە لە و شاعیر و نیشتمان پەروەر و دەسەزانەی كەهەمیشە بەچاوی خەشەویستییەوە لە سروشت و ژینگەی شارەكەی خەی و هەموو كوردوستانی گەورەی ڕوانیوە بەبە جیاوازی بە دەكی گەورەوە خەی بەخزمەتكاری گەلەكەی زانیوە ئێستاشی لەسەربە ڕەژبەڕەژ خەشەویستی خاك و نیشتمان لەنەو و دەروونیدا چەكەرە دەكات، لەكاتێدا ئەم خەشەویستیە لە دێ و دەروونی هەموو تاكەكی كوردا نیە وەك پێویست، بەڵام مەردان مەردانە قەڵەمی لە هەڵدەماڵێ و دێت و بەعەشقەكی كوردانەوە (پیرەمەرد) ئاسا بە ماندووبوون ژیانی خەی بەگەلەكەی تەرخان دەكات قەڵەندەر ئاسا لەدوای ڕاپەینەوە مەشخەڵەكە لەدەست پیرەمەرد وەردەگرێ هەربەو عەشقەوە بەماوەی زیاتر لە

چارەکە سەدیەک درێژە بە ڕێگاکانی ئاو مرۆڤە نەمرە دەدات جۆرێنی نەورۆز زیندووەکاتەوە ناهەڵەت ئاگرگەی پیرەمەرد کپ بکرێتەوە بۆیە لەگەڵ چەندین هاوڕێی نیشتمان پەروەردا خۆیخشانە دەنەگەپان.
بە دەنگی کوردانەوە لە گەڕوی هەزاران ئازارەوە سەرهەڵدەدەن، لەهەمان کاتیشدا بەسنگەکی فراوانەوە لەپێناو ئەدوعشقەدا مەردان بچوکترین تەکەشانی هاوڕێکانیشی بەکردەوەیەکی شەرانە لەقەڵەم دەدا.
مەردان بەلایەوە گرنگ نەبوو چەند ماندووبێت و چەند شەونخونی دەکات. بۆیە لەدوای ڕاپێنەوە دەست دەکات بە چالاکیکانی وەک سەردەمە زێرینەکەی بەکەس و دیلان و گەران ووڵات پێدەکات لە سرودی نەورۆزو ئەی ڕەقیب و قریوەی کچان ولاوانی جوامێری شار.
